# ئارامی شەهید حەمە لاو:

# دوای بیست ساڵ زانیم باوکم شەهید بووە

دیمانە : کوێستان



ئەو بەسەرهاتە کۆمەڵایەتیو سیاسیانەی ڕوودراون لە ناو کۆمەڵگای کوردی زۆرن، بەڵام پەردەیان لەسەر هەڵنەماڵراوە، یاخود پەڕەی یادگارییەکانی ئەم کەسانە هێشتا ماوە نووسینیان تێدا تەواو بکرێتو بڵاوبکرێنەوە، ئەمەی خوارەوە بەسەرهاتی کوڕە گەنجێکە کە باوکی شەهید کراوەو پاش دوو دەیە تەمەن پێی ڕادەگەیندرێت کە باوکی مردووە، بێ موجامەلە کردن، لەگەڵ قسەکردنی بۆمنو لەکاتی نووسینەوەی ئەم چاوپێکەوتنە کورتەدا، موچڕکە بەدوای موچڕکە بە سەرتاپای لەشمدا گوزەری دەکرد، کە ئارام دەستی پێکردو ووتی:"ئەو کاتەی بە منداڵی لە شاری هەولێر بووم، هەستم بە بۆشاییەك لە ژیانی خۆم ئەکرد، ئەویش نەبوونی باوك بوو، زۆر هەوڵمدا کە تاوەکو بزانم باوك کێیەو لەکوێیە؟ بەڵام باپیرمو دایکم هیچ کاتێك ئامادەنەبوون، کە پێم بڵێن باوکم شەهید بووە، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ هەستم بەو بۆشاییە ئەکردو لە مێشکمدا کەڵەکە ئەبوو، لەهەمان کاتیشدا باپیرم هەر لە منداڵییەوە هیچ کاتێك جیاوزای نەئەکرد لە نێوان منو کوڕەکانیدا واتا(مامەکانم) چی بۆ ئەوان ئەکرد بۆ منیش بەهەمان شێوە! بۆ ئەوەی هەست بەوە نەکەم کە باوکم نەماوە، زۆر پرسیارم دەربارەی باوکم ئەکردو هەر ئەیانووت:" لەسەفەرە، دوای کاتێکی تر دێتەوە" بەڵام ڕۆژانێك تێپەڕیو گەیشتمە قۆناغی ناوەندیو دواتریش لە پەیمانگا، زۆر پێم لەسەر ئەوە داگرت ئاخۆ باوکم لە کوێیە؟ ڕۆژێك وێنەی چەکدارێکی چوارشانەو ڕێكو پێکم بینی، بە دایکم ووت:" ئەو کەسە چەکدارە کێیە؟" دایکم ووتی:" ئەوە باوکتە" منیش ووتم:" کوا لە کوێیە؟ ئەمرۆ نا سبەی دێتەوە، دوای وتیان لە فلاَن شوێن شەهید بووە" زۆرم لا ناخۆش بوو ناخۆشترین کاتم بوو ئەوسا، زۆر هەوڵمدا وێنەکانی تری ببینم، سۆراخی بکەمو برادەرەکانی لە کوێن؟ بەڵام ئەوەندەیان ووت:"لە مزگەوتی گوندی"گەرەوان"ی سەر بەناحیەی ڕواندز لە شەڕی ناخۆیی شاخ لە ساڵی ١٩٨١ شەهید بووە" پاشان کە قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد چووم بۆ پەیمانگای مامۆستایان زیاتر لەلام کەڵەکە بوو هەردەم بیرم لە باوکم ئەکردەوە، نەمتوانی ئەو سۆزەی باوکم ببینم. لە پرسیارێکی تری کوێستاندا هۆکاری سەرەکیو چ نهێنیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە کە پێت نەوتراوە باوکت شەهیدبووە؟ ئارام دەڵێت:" بۆ ئەوە بوو بتوانم کە بەسەرکەوتووی خوێندن تەواو بکەمو هەروەها وەسیەتی باوکم بووە، کە گوتبووی من زیندوبوومو یان مردوو دەبێ(ئارام)خوێندنەکەی تەواوبکات" بەڵام ئارام هەر بەو قسانەی کە باوکی سەفەری کردووە ئارام ناگرێو پێداگری دەکاتو دەگێڕێتەوە:" تا دواجار پێداگیریم کرد، کە پێم بڵێن سەفەرەکەی باوکم بۆ ئەوەندەی خایاند یاخود لەبەرچی دوا کەوت ئەوەندە؟ هەر دواتر بەتەواوی پێیان گوتم، بەڵام تا ئەم ساڵانەی دوای هاتمەوە ڕواندزو ژیانی هاوسەریم پێك هێنا لە ٢٠٠١ تا ئەوکاتە وێنەکانو زانیارییەکانی دەربارەی باوکم پێیاندام، لەم کاتەدا زۆر هەوڵمدا برادەرەکانی باوکم بدۆزمەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان شەهید ببوون" هەروەها ئاماژەی کرد"خوشکێکم هەیە ناوی (تریفە)ئەو پێشی من لەدایك ببوو باوکمی دیووەو ئەوکاتەی باوکم شەهید بووە تەمەنی شەش ساڵان بووە."